# پۆستمۆدێرنیزم و ئایین *

## چاوپێکەوتنی گۆڤاری کاروان/ سەنگەر زراری

***1. لە نێوان جیاوازی بۆچوونەکان دەربارەی پێناسە و کاتی سەرهەڵدانی "پۆستمۆدێرنیزم"، تۆ چۆن پێناسەی پۆستمۆدێرنیزم دەکەیت و سەرهەڵدانی دیاردەکەیت؟***

هەندرێن: ئەگەر تاکوو ئێستا رۆشنبیریی کوردی، سەرەڕای ئەو هەموو ناونیشانانەی کە لە ژێر ناوی "پۆستمۆدێرنیزم" لە کتێب و گۆڤارەکانی کوردستان دەبینرێن، وەک بنەمایەکی پێویست، گفتوگۆ، خوێندنەوە، وەرگێڕان و شیکردنەوەیەکی فرە روانگەی سەبارەت بە چەمکی پۆستمۆدێرنیزم و پاشخانەکانی پێشکەش نەکردبێت، رەنگە لێرە لە چاوپێکەوتنێکی وادا نەتوانین، وەک ئەوەی دەخوازێت، خوێنەرەوەی کوردی رازی بکەین. (بەڵام لێرەدا حەز دەکەم، وەک پێشنیازێک، بە خوێنەری ئەو بابەتە بڵێم کە کتێبی "فەلسەفەی کۆچەری" کە بەندە وەرگێڕیەتی و ئەمساڵ بڵاوکراوەکانی نما چاپی کردووە، دوور لەوەی کە بانگەشەیەک بێت بۆ منی وەرگێڕ، دەکرێ کۆمەکیەکی باش بێت بۆ تێگەیشتنی بەشێک لە بنەمایە سەرەکییەکانی پرس و پێناسەی چەمکی پۆستمپدێرنیزم). هەرچۆنێک بێت، لە کورتکردنەوەیەکدا دەکرێ بڵێین، سەرەتای چەمکی پۆستمۆدێرنیزم بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە. هەروەک دەزانین لە بەراییدا ئەو چەمکە بە هزرڤانگەلێکی فەرەنسی دەناسرایەوە، واتا سەرچاوەکەی لە خاکی هزرکردنەوەی فەرەنسیدا هەڵقولاو، هەر لە ساڵانی شەست و حەفتایەکانیشدا، مشتومڕ و پێناسە کردنی ئەو چەمکە، ئەوەندەی لە ئەمریکا گەرمبوو هێندە لە خودی فەرەنسادا نەبوو. ئەمەش چونکە ئەو تەرزە هزرکردنە هەر تەنیا بەند نەبوو بە کێشە مەعریفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ... هتد فەرەنسییەوە، بەڵکوو پرسیار و گومانکردنبوو لە کۆی سیستەمی بیرکردنەوەی رۆژئاوا؛ واتا سەرتاپای ئاکامەکانی پرۆژەی رۆشنگەریی، کە تەواوی کۆمەڵگایەکانی رۆژئاوا/ئەمریکا و بگرە بە کێشە سیاسی/ئابوورییە جڤاکی و سیستەمە دڕندەکانی جیهانی رۆژهەڵاتیشەوە، بەرهەمی ئەو پرۆژە رۆشنگەرییەن. بە واتایەکی تر، کێشەی پۆستمۆدێرنیزم رووبەڕووبوونەوەیەکە لەگەڵ تێڕوانینی مێتافیزیک و ناوەندگەرایی/گەردوونگەرایی رۆژئاوا، کە لەو دیدەڕا زانست و ئازەزگەرایی وەک هێزێکی باڵای دەسترۆ، وەک روانگەیەکی گەردوونیانە و گشتگەرایانە، جڵەوی ژیان و بوونی مرۆڤی کردووە و نوقلانەی بەختەوەری و سەرکەوتنی بۆ زامندەکات. لە بواری نووسیدا تا ماوەیەکی زۆر هەردوو دەستەواژەی پۆستمۆدێرنیزم و پۆستستراکچالیزم لەناو گفتوگۆ و نووسینەکاندا تێکەڵاو دەکران، بەڵام ئەوانەی کە بە پۆستراکچالیست ناودێر دەکران بریتی بوون لە: ژان فرانسوا لیۆتار، ژیل دۆلوز و مێشال فۆکۆ. واتا ئەو دەستەواژەیە مانای بوونی رەوتێکی هزری ناگەیەنێت، بەڵکە جەغت لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو هزرڤانە ناوبراوانە دەکاتەوە، کە سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەکانی ستراکچالیزم، کە بەناوبانگەکەیان لیڤی شتراوس بوو. بە دیوێکی تردا، لە بواری رۆشنبیرییدا تەواوی پێناسە و بۆچوونە جیاوازەکان ، بە تایبەتییش لەو ساڵانە، جەغتیان لەسەر کێشەی چۆنیەتی پەڕینەوەی کۆمەڵگای رۆژئاوا، لە سەردەمی مۆدێرنزمەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم دەکردەوە. هزرڤانەکانی فەرەنسی، بە تایبەتی کتێبەکەی ژان فرانسوا لیۆتار، "دۆخی پۆستمۆدێرنیزم"، کە لە 1979 دەرچوو، خوێندنەوەیەکی ورووژێنەرانە بوو بۆ ئاکام و قەیرانە سیاسی، ئابووری، ئەخلاقیی، بە تایبەتی قەیرانی زانستی... هتد، کۆمەڵگای رۆژئاوا، کە ئەو قەیرانەش، بە دیدی لیۆتارەوە، پرۆژەی مۆدێرنیزم بەرهەم هێنەری بوو. بە واتایەکی تر، لە روانگەی لیۆتارەوە، "حیکاتە مەزنەکان"، بڕوا بوون بە ئەو داستانە مەزنانەی کە مەسیحیەت هەڵگریەتی. مەسیحیەتیش مێژووی رۆژئاوا بەرجەستەدەکاتەوە. هاوکاتیش لیۆتار لەو کتێبەدا باس لە قەیرانی ئاوەزگەریی، شۆڕشی سۆسیالیزم، سەرکەوتنەکانی تەکنۆلۆژی، ئابووری و زانستگەرایی دەکات. لێرەوە لەجیاتی بڕوا بوون بە هەبوونێکی هەقیقەتێکی گەردوونگەرایی، یەکەی بنەما، بەهایە ئەخلاقییەکان و ... هتد، کە مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە جەغتیا لەسەر دەکردەوە، ئەوە پۆستمۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیتە، جەغت لەسەر فرە راستی، فرە رەهەندی، بنەمای جولاو، ئاوێتەکردنی فرە روانگە و ... هتد، دەکەنەوە.

ئەو بیرۆکە نوێیەی پۆستمۆدێرنیزم سەرەتا لە بواری ئەدەب، سینەما، هونەر و تەلارسازیدا بە گوڕ و جۆشەوە رەنگیدایەوە، واتا گەر لە روانگەی جیهانبینی مۆدێرنیزمەوە سۆبژە/خود رۆڵی سەرەکی داهێنانی پێبەخشرا بوو، ئەوە لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە بیرۆکەی یارییە ئازادەکانی "گوتارەکان"، تێکەڵاو بوونی هەمە رەنگی دەق/ئینترتێکستوالیتێت و کۆپلە کۆپلەیی دەق، ئەو رۆڵە وەردەگرێت. هەڵبەتە ئەو بیرۆکەیە بە درەنگەوە لە بوارەکانی دیکەدا رەنگیدایەوە.

وێڕای ئەمەش، دەکرێ لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە راپەڕینی 68ی مای لە فەرەنسادا، کە راپەڕینێکی بنەبڕ بوو لە لایەن لاوانەوە ئەنجامدرا و دواجاریش لە پانتایی هزری فەرەنسییدا بووە وەرچەرخانێکی فەرهەنگی، سیاسی و ئەخلاقی. فەیلەسوفانی وەک لیۆتار، دێریدا، دۆلوز و فۆکۆ، بە دوای ئەمانەشەوە کۆمەڵێک هزرمەندی فەرەنسی لە بوارە جودایەکان، کۆمەڵناسی، دەروونناسی... هتد، دەستدەکەن بە راڤە کردن و هەڵتەکاندنی ئەو پاشخانە هزرییە مێژوویەی رۆژئاواوە. وەک گوتمان، ئەو پاشخانەش هزرییەی کە ئەو فەیلەسوفانەی فەرەنسی دەیخەنە ژێر پرسیارەوە، باڵادەستی ئەقڵ، ئاوەز و زانستگەراییە. لە پاڵ ئەمەشدا بەلای ئەوانەوە مارکسیزم و فرۆیدزم، وەک بەرهەمێکی ئەو ئاوەزگەراییە سەیر دەکرێت. هەروەک دەزانین ئەو پرۆژە فەلسەفییەی پۆستمۆدێرنیستەکانی فەرەنسی، لە پرۆژەی راگەیاندنە نەهێلیستییانەکەی "کۆتایی هاتنی حیکایەتە مەزنەکان"ی لیۆتارەوە بگرە تا بە پرۆژەی بە کێشەکردنی پەیوەندی "دەسەلات و مەعریفە"ی فۆکۆ و  پرۆژە ئەنارکیستینانەکەی "مەیل و هزری کۆچەری" دۆلوز و پرۆژەی "هەڵوەشاندنەوە" و "جیاوازی" دێریداوە دەگات، بریتییە لە خوێندنەوە و راڤەکردنێکی وەرچەرخێنەرانەی ئەو بە ئەفسانە کردنەی هزری رۆژئاوا، کە لە دروستکردنی تاکە راستی و بەهایەکی پیرۆزکراودا بەرجەستە دەبێتەوە. بە روانگەی ئەو پیاوە فەرانسییانەوە ئەو کێشەیە لە پلاتۆنەوە دەستپێدەکا و بە رۆسۆ، دێکارت و کانت... تێدەپەڕێ و تا دەگاتە هێگل و مارکس.

هاوکات گەر بە ئاماژەیەکی خێراش بێت ناکرێ فەیلەسۆفی ئەلمانی یۆرگین هابرماس فەرامۆش بکەین. هابرماس هەرچەندە لە دیوێکدا لەگەڵ رەخنەی پۆستستراکچالیست و پۆستمۆدێرنیستەکانی فەرەنسی لەسەر پرۆژەی رۆشنگەری و ئاکامە سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و ئەخلاقیەکانی و ... ، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوڕایە، بەلام هاوکاتیش پێی وایە کە هێشتا پرۆژەی رۆشنگەریی بە ئاکام نەگەیشتووە و دەکرێ لایەنە باشەکانی ئەو پرۆژەیە گەشەی پێبدرێت. بە واتایەکی تر، لە روانگەی هابرماسەوە دەبێ لە دوو روانگەوە سەیری پرۆژەی مۆدێرنیزم بکەین، ئەویش: لایەنی ئێستێتیکی، هونەری و داهێنان و دیمۆکراتی رای ئازادی و لایەنی ئابوورییە. بەلای هابرماسەوە، لایەنی جوانناسی و هونەریی و رۆشنبیریی پرۆژەی رۆشنگەریی و مۆدێرنیزم کولتورێکی پۆزەتیڤ و بەرهەمداری هەیە، بەڵام لایەنی سیسستەمی ئابووری و تەکنۆلۆژی لەو پرۆژەیە رۆشنگەرییەدا جێگەی رەخنەگرتنە. لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین کە هابرماس وەک فەیلەسوفێکی لیبرالیستی و هاوکاتیش چەپڕۆی نوێی رۆژئاوایی بڕوای وایە کە ئەو تەنگژە ئابووری و ئیدیۆلۆگییەی کە قەتیسماون دەکرێت بە چارەسەرخوازی چارە بکرێن.

لەم روانگەیەوە دەبینین رۆژئاوا لە هەشتایەکانەوە تا ئێستا کۆمەڵێک روانگە و مێتودی جیاواز لە ئاستی سیاسی/ ئابووری و کولتوری بەرهەم هێناوە، کە ئەمانەش رەنگدانەوەی راڤە و ئاکامە هزرییەکانی پۆستمۆدێرنیزمن.  هەروەک ئاشکرایە لە لە شەست و سەرەتای حەفتایەکاندا رەخنە و پێناسەگەلێکی جیاواز هەبوون لەسەر تێز و بیرۆکەی پۆستمۆدێرنیستەکان، بە تایبەتی لە وڵاتانی سەر بە ئەنگلۆساستیکدا. لە روانگەی ئەوانەوە ئەو تەوژمە هزرییە ناکۆکە لەگەڵ ئەو ئەزموونە هزرییە ئاوەزگەراییەی کە بەرهەم هێنەری ئەو کۆمەڵگایەی ئەوانە، کەچی پۆستمۆدرنیزم دەخوازێت زانست و لۆژیک بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لە ئێوەش روونە کە ئەمرۆ لەو وڵاتەنەدا وێڕای وەرگێڕانی بەرهەمی ئەو پۆستمۆدێرنیستانە، زۆرینەی مێتودەکانی خوێندەنەوە ئاکادیمییەکان لە بوارە جیاوەزەکاندا پشت بە تێز و بیرۆکەکانی پۆستمۆدێرنیستەکان دەبەستن. بەڵام نەک بەو مانایەی کە پۆستمۆدێرنیزم ئەو هزر و تیۆرییە بێت کە سەرتاپای میراتە کولتوروری سیاسییەکانی رۆشنگەریی و تەکنیکی ئاوەژوو کردبێتەوە، بەڵکو رۆژئاوا وەک جۆرە نوێکردنەوە و پێشڤەچوونێک لەو میراتە خۆی پێ نوێدەکاتەوە.

بەمجۆرە وەک بە مێژووکردنێک، بەو جۆرە سادەکردنەوەیە، دەکرێ پۆستمۆدێرنیزم، یان ئەو چەمکە لە شەستەکان بە دواوە نمایشبکرێت. بەڵام رەنگە بەشێک لە هزرڤانانی رۆژئاوا بە تایبەتی ئینگلیزی زمان بە شێوەی جیاواز پێناسەی پۆستمۆدێرنیزمیان کردبێ و بکەن. بۆ نموونە، کۆلێن داڤیس، کە لە زانکۆی (وارویک)، ئینگلیستان پرۆفیسۆرە لە بەشی هزری فەرەنسیدا، پێی وایە لە دیوێکەوە، ئەو چەمکە فرە رەهەندە، لە دیوێکی تریشەوە، چەمکێکە بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. چونکە پۆستۆدێرنیزم، بە پێچەوانەی روانگەی ستراکچالیزم کە بڕوای بە شیکردنەوەیەکی گشتگیریی هەیە ، جەغت لەسەر فرە رەهەندی کار، فرە رەگەزی و تاکایەتی دەکاتەوە.

بەڵام لە هەشتایەکانەوە ژان بۆدلیار لەو مشتومڕانەدا رۆڵی سەرەکی دەنوێنێ و پاشان ژیل دۆلوز ئەو رۆڵە دەردەگرێت. بەڵام بەلای زۆر لە هزرڤانان ئەوانەی کە سەرەتا وەک پۆستمۆدێرنیست ناسراون بریتی بوون لە: ژان فرانسیس لوتار، ئێمانوێل لێڤینانس، ژولیا کریستیڤ، رۆلان بارت و ... هتد. تیۆرییەکانی ئەو پۆستمۆدێرنانە، بە گشتی، لە ژێر ناونیشانی: "دوای ناسنامە"، "دوای ئومێدەواری"، "دوای ئەخلاق"... هتد، ئەو ناونیشانانەش بە ئاگاییانە لەسەر وەزنی پرسیارە بەناوبانگەکانی ئێمانوێل کانت بوون: "دەتوانم چی بزانم؟"، "دەبێ چی بکەم؟" و "مرۆڤ چییە؟" بەمجۆرە تێدەگەین، کە پۆستمۆدێرنیزم بەردەوامی ئەو پاشخانە هزرییە کە بە ئاسۆییە جیاوازەکان خۆی بەرهەمدێنێتەوە.

بۆیە ئەمڕۆ هزرڤانانی رۆژئاوا پێیان وانییە کە پۆستمۆدێرنیزم روانگەیەک بێت بە دژی رۆشنگەریی. هەروەک دەبێ بزانین، کە چەندان هزرڤانی پۆستمۆدێرنیست، لە گفتوگۆیەکی هاوبەشدا کە لە ژێر ناونیشانی "رۆشنگەریی چییە؟"بڵاوکراوەتەوە، لەوێدا بە تایبەتی فۆکۆ، بە پێچەوانەی هەموو رەخنەکانی پێشتری لە رۆشنگەریی و کانت، بە حەماسەوە هاوڕای سەرتاپای روانگەکانی کتێبەکەی کانتە، کە لە ژێر ناوی "رۆشنگەریی چییە؟" نووسیبوویەتی.

لە ناوەڕاستی هەشتایەکاندا هابرماس رەخنەی لە پۆستمۆدێرنەکان دەگرێت، چونکە بە دیدی ئەو، ئەوان دەخوازن لە داب و نەریتی رۆشنگەریی جیاببنەوە و وەک ئەدەب مامەڵە لەگەڵ فەلسەفە دەکەن. بەڵام ژاک دێریدا لە وەڵامی هابرماسدا ئەوە روونکردەوە، کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی/دێکۆنسترایشن خۆی لەگەڵ "رۆشنگەرییەکی نوێ"و دیمۆکراسییەکی ئیدیالیدا گرێدەدات. هەر لەو وەڵامەدا دێریدا باسی ئەوە دەکا کە هابرماس لە رەخنەکانیدا چۆن وشە بەکار دێنێ تاکوو بتوانێ رەوایەتی بداتە تیۆرییەکانی. وێڕای ئەمەش دێریدا سەبارەت بە تیۆری هابرماس "ئاوەزی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی/کۆمونیکەتیڤ" باسی ئەوە دەکا، کە هابرماس لە گفتوگۆیەکی ئەخلاقیدا، کە گوایە دیمۆکراتیانەیە، بە ناوی ئاڵوگۆڕی ئاوەزەوە، بەبێ پێکهاتەکانی گفگوگۆ و گوێگرتن و راڤەی بەرانبەر، هەمیشە بەناوی ئەخلاقەوە قسە دەکات. زۆر لە هزرڤانان ئەو گفتوگۆیەی هابرماس و دێریدا وەک رێژەگەرایی و نەهێلیستییەک لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزم پێناسە دەکەن، کە گوایە روانگەی پۆستمۆدێرنیزم لە گفتوگۆکردندا بنەمایەکی ئەخلاقی نییە. بۆیە لە ئاکامدا ئەو روانگەیە کۆمەڵگا رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە.

هاوکاتیش ئەو رەخنەگرانەی پۆستمۆدێرنیزم جەغت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەقەکانیان بە بارگاویکردنی دەستەواژە سەیرەکانیان ئاڵۆزن و بۆ تێگەیشتن دەست نادەن. بە کورتی پێناسە جیاوازەکانی لەو ئاستە دەخوولێنەوە،

.

ئەمڕۆ هێندەی رۆناکبیرانی رۆژهەڵات، بە تایبەتی کورد، بە تامەزرۆ و حەماسەوە ئەو دەستەواژەیان لەسەر زارە، بێ ئەوەش هێشتا لێکدانەوەیەکی تێرمان بۆی هەبێت، کەچی ئەو دەستەواژەیە ئەمڕۆ رۆناکبیران لە رۆژئاوادا وەک ئەوەی لە حەفتا و هەشتەیەکاندا لەئارا دابوو، وەک بابەتێکی نوێ، لەو دەستەواژە ناپەیڤێت. کەواتە لە رۆژئاوادا چیتر پۆستمۆدێرنیزم دەستەواژەیەکی سەرنجکێش نەماوەتەوە، بە قەد ئەوەی بەرهەم و ئاکامەکانی ئەو گۆفتوگۆیانەی کە بوونە دۆزینەوەی کۆمەڵێک ئاسۆ و دواجاریش ئیشکردن لەسەر روانگە خەملیوەکان. هاوکاتیش لە پەیوەندی بە جیهانگیریی و بەجیهانیبوون کۆمەڵێک ئاراستەی هزری جیاواز لە پیناسە و تیگەیشتن لە پۆستمۆدێرنیزم بەرهەم هات، کە هەر کۆمەڵگایەک بە گوێرەی بونیات و پاشخانی کولتووری و سیاسی خۆیەوە راڤەیەکی بۆ ئەو دەستەواژە ئەفراندووە. بۆیە ئەوەندە بەسە کە رۆناکبیری ئێمە، وەک رۆبۆت، بە حەماسەوە ناونیشانی نووسینە کۆپیکراوەکانییان بە دەستەواژەی: "دەسەڵات"، "مەعریفە"، "سێنتەر"، "جیاوازی" و پۆستمۆدێنیزم"، هەڵوەشاندنەوە" و ... هتد، وەک داهێنانێکی نوێ بە خوێنەری لاوی کورد بفرۆشنەوە. هەروەک گوایە پۆستمۆدێرنیزم بانگکردنێک تەنیا کاری وتنی ئەو زاراوەگەلە بێت، کە ئیتر ئەرکی رۆناکبیر چیتر کێشە ئەخلاقی، سیاسیی و هەڵوێستەکان نەبێت و تەنیا قسەکردن بێت لە چەمک، کە ئەمەش تێگەیشتنێکی ئیفلیجە لەو پۆستمۆدێرنیزمەی رۆژئاوا. بە کورتی ئەرکی ئێمە ئیشکردنە لە بونیاتی ئەو کولتوورەی کورد و مشتومالکردنی بۆشایی، سیستی و ئەو جموجۆڵەی کە چاوەڕێی تەقاندنەوەیەتی. بە واتایەکی تر، لە روانگەیەکی زۆر سادەوە، پێناسەی من بەمجۆرەیە: لە رۆژئاوادا، هەر لە گرێکی کۆنەوە، کە رۆژئاوا وەک رەچەڵێک بە سەرچاوەی خۆی دەزانێت، بگرە تا مێژووی نوێی رۆژئاوا، هەمیشە هزر و فەلسەفە هێزێک بووە بۆ وەرچەرخان و سەپاندنی ئاسۆیە تازەکانی شێوازەکانی ژیان، شێوازی دەسەڵات، بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا و تەواوی رەوتی ژیانی کۆمەڵگا. واتا ئەوەی تا ئێستا لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوا دەیبینین، ئەوە ئاکامی ئەو هێزە هزریی و فەلسەفییە بووە، نەک جیهانبینییە ترادیسیۆنییەکان، وەک ئەوەی کە لە رۆژهەڵات یان جیهانی سێیەم دەیبینین. لەم روانگەیەوە، من پۆستمۆدێرنیزم وەک کۆنتێکست/ناوکۆیی

(سیاق)ێکی  جیهانبینی رۆژئاوا تێدەگەم: واتا بەرهەمی ئەو داب و نەریتە هزری و فەلسەفییەی رۆژئاوایە کە ئەو گۆڕنکارییە بنەڕەتیە مێژوویانەی رۆژئاوای بەرهەمێناوە. رەگی ئەو کولتوورەش هەر لە دەوڵەتۆچکەکانی گرێکی 400 ساڵ بەر لە زایینی بگرە تە بە کولتووری ئیمپراتۆریەتی رۆما، چاکسازی ئایینی مەسیحی لە سەدەی دوانزە و شۆڕشی فەرەنسی تێدەپەڕێ و دەگاتە شۆڕشی رۆشنگەریی، پیشەسازی، کۆمەڵگای مۆدێرن و ... هتد دەگات، درێژەی هەیە. بۆیە پۆستمۆدێرنیزم شۆڕشێک نییە دژی ئەو مێژووە، بەڵکوو مشتومالڵکردن و خەملاندنەوەی مێژووی ئەو کولتوورەی خودی رۆژئاوایە. کەواتە گەر مۆدێرنیزم جەغتی لەسەر یەکایەتی دیاردە، بە نێوەند کردنی بەهایە ئەخلاقی و راستییەکانی زانستگەرایی و ئاوەزگەرایی دەکردەوە: واتا بە گەردوونیکیردنی بیرۆکە و ئاکامەکانی زانستگەرایی، ئاوەزگەرایی و بە نێوەند کردنی راستیی... هتد، ئەوە پۆستمۆدێرنیزم جەغت لەسەر فرە بەهای ئەخلاقی، روانگەی بزواو، پارچە پارچەیی بنەما، ناکۆییەکانی پاشخان، گەڕانەوە بۆ مەیل و هەست، لە بڕی بە نێوەندکردنی ئاوازگەرایی و سروشتگەرایی دەکاتەوە.

بە دیوێکی تر، بە واتای نیتشەییانە: ئەو دووبارە کردنەوە ئەبەدییە، کە رۆژئاوا لە خودی خۆیدا بەرهەمی دێنێتەوە. هەروەک چۆن مۆدێرنیزم بە درەنگەوە، بە شێوەیەکی لنگاوقوچ، گواسترایەوە دەڤەری ئێمە و دواجاریش کە هێشتا لەناو لاساییکردنەوە رووکەشییدا سەرگەردان مابووینەوە، کەچی لە هیکڕا بە "پۆست"ەکەی گەمارۆی داینەوە... ئیتر ئەگەر خدری زیندەیەک لەو سەرگێژیانەی پۆستمۆدێرنیزم بە هانامانەوە نێت، ئەگەر نا، لەناو ئەو بە هەرزانکردن و بەرخۆریکردنەی نووسین،  کە ئەمڕۆ رۆناکبیری کورد لە ژێر سایەی ئەو دوو مۆدێلە عەنتیکە و پێکەنیناوییەی "کۆمەڵگایە مەدەنی"  هەولێر و سلێمانی ئەنجامیدەدەن، بڕوا ناکەم ئایندەمان لەوە باشتر بێت کە پێشتر بینیمان. هەر چۆنێک بێت، دەکرێ ئەو نمایشە سادەیە وەک جۆرە پێناسەیەک لە پۆستمۆدێرنیزم فام بکرێت.

*2. پۆدتمۆدێرنیزم چۆن داڕوانێتە  (ئایین): واتا پێناسەی ئایین لەناو پۆستمۆدێرنیزمدا چییە؟*

**هەندرێن**: وەک لە کۆتایی وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بەوەدا کە پۆستمۆدێرنیزم تاکە تێوریی، روانگە، یان ئیدیۆلۆگییەک نییە، بەڵکو، بە بۆچوونی من، وەک رەوتێکی فەلسەفی پۆستمۆدێرنیزم بریتییە لەکۆمەڵێک شەپۆلی هزری فرە ئاراستە و راڤەی بزواو. لە روانگەی زۆر لە مێژووی هزرناس، کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆژ/خەڵکناس و ... هتد مۆدێرنیستەکانی رۆژئاواوە ئایینان وەک  دیاردەیەکی کۆمەڵاتیی پێناسە کردووە. لەو روانگەیەوە ئاینن بە جیهانبینییە ئەخلاقییەکانی رۆڵی رێکخستنی گروپەکانی کۆمەڵگا رێکدەخات، بەمەش کۆی خەڵک کۆمەڵێ نۆرم و دیسپلین دروستدەکا، تاوەکوو ناکۆکی و کێشەکان کۆنترۆل بکات. بە واتایەکی تر، لە روانگەی مۆدێرنیزمەوە کە هەر ئایینێک، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار و هاندەر، پابەندە بە بونیات و جیهانبینییە کولتووری و کۆەمەلاتییە کە خولقێنەری ئەو ئایینەیە. بەهەمە حاڵ، رەنگە بکرێ بپرسین: لەناو شەپۆڵەکانی هزری پۆستمۆدێرنیزمی رۆژئاوادا، ئەو راڤە کردنانە چین و کامەیان شیاوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئایینی ئەمڕۆ تێبگەین؟ پاشان، کامە ئایین؟ چونکە ئەمڕۆ رۆناکبیرێکی زۆر هەن کە هەڵگری بیرۆکەی پۆستمۆدێرنیزمن، یان بەرهەمی کۆمەڵگای پۆسمۆدێرنیزمی رۆژئاوان، بۆ نموونە، "برازی رۆحانییەت"، ڤێگەتەریانیزم/ئەوانەی تەنیا سەوزە دەخۆن و بگرە پۆست چەپڕۆیە سەرەڕۆیەکانیش، کە رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە پۆستمۆدێرنیزمەن، کەچی ، لە روانگەیەکی ئیدیۆلۆگییەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، داکۆکی لە رەفتارە توندرەوییەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەن. بە رای ئەوانە تاکە راویەتییەک نییە بۆ راستیی و مافەکان، بەڵکو راستییەکان بێبنەما و رێژەیین. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، لەمدیوی ئەو تێرامانەی ئەمانەوە، گوتار/دیسکۆرسی ئەو کولتوورە باڵادەستە ئاوەزگەرییەی رۆژئاوا ئامادەیی هەیە. واتا ئەو روانگە پۆستمۆدێرنیزمە، لە رێگەی ئەو مەیلی جیاکردنەوەی ئەویتری جیاواز و پاڵنەرە ئیدیۆلۆگییەکانەوە، دەخوازێت هەڵاواردن و پۆلێنکردنێک لەگەڵ کولتوورەکەی خۆی بەرهەم بێنێت، کە ئەمەش پەرەپێدان و بەردەوامی هەمان گوتاری رۆشنگەرییە.

لەم روانگەیەوە بەشێک لە راڤەکارە پۆستمۆدێرنیستەکان پێیان وایە کە لە بنەڕەتدا هەموو ئاییەنەکان هەڵگری هەمان بنەمان، کە لایەنی گەشەدار و تاریکییان تێدایە. بۆیە ناکرێ تەنیا بە تاکە رەهەندێک لە ئایین بڕوانین، بەڵکوو دەبێت لە روانگەیەکی فرە رەنگییەوە ئایین بخوێنینەوە و پێناسەی بکەینەوە. ئەمەش لەو سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە هیچ شتێک وەک جەوهەر "ئێسێنس" نییە: واتا بوونێکی بڕیار لەسەر دراو و چەقبەستاو نییە، بەڵکوو هەموو دیاردە و شتەکان پابەندن بە گۆڕان و وەرچەرخان. لەم

روانگەیەوە ئایین لە ژێر مەرجە کۆمەڵایەتی، سیاسی، جیهانبینینیە گۆڕاوەکاندا هەمیشە لە بزوان و جێگۆڕکێ دایە. هاوکاتیش هەر ئەو هەڵ و مەرجانەن کە ئاراستەیەکی تایبەت لە ئایین بەرهەمدێنن.

بەڵام ئەگەر لە بنەمایە هزرییەکانی پۆستمۆدێرنیزمەوە سەیری ئایین بکەین، ئەوە لە بنچەکەدا هەموو ئاییەنەکان هەڵگری نۆرمی گشتگیریین. بۆیە دەبێ ئایین فرەگماتیسێرە بکرێت، واتا لێکهەڵوەشێنرێتەوە و لێکبترازێنرێت، پاشان لە سەرەتاوە لە هەر ئایینێک بیرۆکەیەک وەربگیرێت و ئایینێکی فرە رەنگ، یان تێکەڵاو دروستبکرێت. بەمجۆرە ئایین دەبێتە ئەو شتەی کە مەیلی تاکەکەسەکان رازیبکات، نەک نۆرمێکی گشتگیرانەی گروپێک. لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی وەرچارخاوە و نۆرمێکی جێگیر ناتوانێت مەیلەکانی دەبین بکات.

بۆیە ئێستا لە رۆژئاوادا لێکۆڵینەوە و مشومڕێکی زۆر هەیە لەسەر راڤە کردن و خوێندنەوەی بیبیل و کێشەی وێناکردنی مەسیح. راڤەکارە ئایناس، کۆمەڵناس و رۆناکبیرە پۆستمۆدێرنیستەکانی رۆژئاوا، وەک پێشان تەواوی بیبل و تێستەمێنت راڤەکەن، بەڵکو کۆپلە کۆپلە لە ئایەتەکانی بیبل و تێستەمێنتی کۆن وەردگرن و راڤەی دەکەن. لە رێگەی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە هەوڵدەدەن کۆی ئەو جیهانبینییە گشتگیرییەی ئایینی مەسیحیەت هەڵوەشێننەوە و رەهەندی جیاوای پێبەخشن. هاوکاتیش لەمساڵآنەی دواییدا، لە بواری هونەی شێوەکاری، شانۆ و راڤەکارییدا وێنەی خودی مەسیح بە شێوەی جیاواز نمایش دەکەن. راڤەکان لەسەر ئەوە دەئاخڤن کە ئایا مەسیح ژن بووە یان پیاو، یان ئاخۆ مەسیح یەکەم مرۆڤ بووە کە خوا خووڵقاندوویەتی. ئەمەش لە رێگای راڤەکردنی ئایەتەکانی تێستمێنتی کۆنەوە ئەنجامدەدرێن. لە رێگای ئەمەشەوە پرسی ژن و فێمێنیزم دێتە ئاراوە کە ئەمەش روانگەیەکی پۆستمۆدێرنیزمانەیە. وەک ئاشکرایە بە روانگەی ترادیسیۆنی مەسیحیەت ژن ناتوانێت ببێتە قەشە، بەڵام ئێستا زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی کە لە سوێد لە شاری ئۆپسالە لە زانکۆ بەشی قەشە دەخوێنن ژنن. هەر بۆیە ئێستا لە سوێد لە مێدیایەکان گفتوگۆ لەسەر ئەو دیاردەیە لە ئارادایە. بۆیە زۆر بوونی ژن لە بواری قەشە و کاروباری کڵێسەدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە. بۆ نموونە، ساڵێک لەمەوبەر، ژنێکی قەشە لە کڵێسەی شاری ئۆپسالە، کە گەرواترین کڵێسەیە لە سوێد، لەناو ئەو کڵێسەیەدا پێشانگایەکی بۆ هونەرمەندێک کردەوە. ئەو هونەرمەندە بە کارە هونەرییەکانی خودی مەسیحی وەک هۆمۆسێکسوال، نێرباز، قەحپە و ... هتد، نمایشکرد. ئەم پیشانگایە لە مێدیایەکانی سوێدی گفتوگۆیەکی درێژخایەنی دروستکرد. لەم روانگەیەوە دەبینین کە ئەو دابونەریتانەی کە لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا باڵادەست بوو، لەوانە رێگە نەدان بە ژن کە ببێتە قەشە، هەڵوەشێنرایەوە.

ئەمە بۆ ئەوە بوو تاکوو لەوە تێبگەین، کە پۆستمۆدێرنیزم وەک شتێکی پیرۆز لە ئایین ناڕوانێت، بەڵکو وەک دابینکەرێکی مەیل مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دیاردەی ئآیین دەکات. ئەو دیاردەی کە ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا بە "روحانیەت نوێ" لە ئارادایە، بەرهەمی ئەو روانگە پۆستمۆدێرنیزمەیە بۆ ئایین. مرۆڤی پۆستمۆدێرنیزم ماوەیەک بۆ دەستەبەر کردنی مەیلەکانی خۆی پەنا بۆ جۆرە ئایینێک دەبات و پاش ماوەیەکی کورت ئەو ئایینە دەگۆڕێتەوە بە ئایینێکی تر. ئەمەش چونکە مرۆڤی پۆستمۆدێرنیزم بڕوای بەوە نەماوە وەک ئیمانێکی ئەبەدی لەسەر ئایینێک بمێنێتەوە، بەڵکو هەموو شتێک بۆ ئەو مرۆڤە تاقیکردنەوە و چێژوەرگرتنە. هاوکاتیش هیچ شتێک بۆ ئەو مرۆڤە نوێیە جێگیر نیە، بەڵکو بزواو و وەرچەرخاوە. مرۆڤی پۆستمۆدێرنیزم حەوداڵە بە دوای ئەوەی کە هەمێشە بە دۆزینەوە و تاقیکردنەوەی شتە نوێیەکان سەرسام بێت.

لەم روانگەیەوە بە روانگەی پۆستمۆدێرنیزم ئایین ئەو بڕوایە گەردوونی و پیرۆزە نییە کە وەک شتێکی گشتی سەیر بکرێت، بەڵکو جۆرە دیاردەیەکە، کە بە مۆنتاژکردن و کۆلاژ کردنی دەکرێ مەیلەکانی مرۆڤ، بۆ ماوەیەکی کورت، دەستەبەر بکات.

### 3. *ئایا روانگەی پۆستمۆدێرنیزم بەرانبەر بە هەمووو ئایینەکان وەک یەکە، یان تێڕوانینی بەرەنبەر بە ئایینێک جیاوازە لە تێڕوانینی بەرانبەر بە ئایینێک؟*

**هەندرێن**: وەک جەغتکردنەوەیەک دەکرێ بێژین، کە پۆستمۆدێرنیزم وەک جیهانبینینەیەک ئایینەکان لێکجوداناکاتەوە. واتا بە روانگەی پۆستمۆدێرنیزم، هیندۆیزم، بۆدیزم، تاویزم، یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام لە کۆمەڵێک تێڕوانین و بڕوای سەرەکیدا وەک یەک یەکن و جیاوازییەکی بنەرەتییان نییە. بە کورتی ئەو تێڕوانین و بڕوا سەرەکاییانەش لە بڕوا بوونەش لە بەهای نۆرم و ئەخلاقە. ئەو بەهای نۆرم و ئەخلاقییەش تەواو بە دژی روانگەکانی پۆستمۆدێرنیزمە. بە دەربڕینێکی روونتر، ئەمڕۆ مرۆڤی پۆستمۆدێرنیزم لەبەرخاتری ئەو بەهایە ئەخلاقی و نۆرمانەی کە ئایین وەک شتێکی پیرۆز کە خوا بڕیاردەریەتی، سەیری ئایین

ناکات، بەڵکو لە روانگەی مەیلە خۆسویستییەکانی مرۆڤەوە خۆیەوە سەیری ئایین دەکات. بۆ نمونە، ئەمڕۆ کە کەسێک ژن دێنێ/شوو دەکا، یان بۆ هەرم مەبەستێکی تر وەک بڕوادارێک بە ئایین، ناچێتە مزگەوت و کڵێسە و پەرستگایەکان، بەڵکو بۆ داواخوابیە خودییەکانی خۆی دەچێت. بە واتاهیەکی تر، مرۆڤی پۆستمۆدێرن وەک شوێنێک بۆ لەزەت بردن و رابواردن رووی لە کڵێسە، مزگەوت و پەرستگایەکان دەکات.ئەوەی گرینگە بزانین، کە پۆستمۆدێرنیزم دەخوازێ بە لێکترنجاندنی ئایینەکان، ئاینێکی فرە رەنگ بسازێنێت. هەروا بەلای پۆستمۆدێرنیزمەوە هیچ ئایینێک ناتوانێ ئەو خەونە گەورانەی، کە ئایینەکان بانگەشەی بۆدەکەن بە واقیع بکەن. لە روانگەی ئەو بێ بنەمایەی کە کۆمەڵگای پۆسمۆدێرنیزمی پێدەناسرێتەوە، هیچ ئایینێک ناتوانێت ئەو مرۆڤە ناخ کۆچەرییەی ئەم سەردەمە بەخۆوە بگرێت و مەیلەکانی مەیسەر بکات. ئەمڕۆ مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزوو و غەریزە زۆرەکانی خۆی تاوێک، وەک سەرگەرمییەک ئەو ئایینە تاقیدەکاتەوە و تاوێکی تر روو دەکاتە ئایینێکی تر.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە روانگەی نەمانی جیاوازی کولتوورەکان و ئەو نیوترالیتێت/ بێلایەنییەی کە پۆستمۆدێرنیشتەکانی رۆژئاوا، تەنانەت گەر بە تیۆریش بێت، قسە بکەین، ئەوکات دەتوانینین ئاماژە بەو خولیا دیالۆگیەی رۆناکبیرانی رۆژئاوا بکەین لەگەڵ "ئەویتر"دا. بە تایبەتی ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا سەبارەت بە ئیسلام و تیرۆریزم گفتوگۆیەکی گەرم لە ئارادایە. وێڕای جیاوازی ئەو گفتوگۆیانە سەبارەت بە کێشەی جیهانی ئیسلام و تێرۆر، کەچی بە رای زۆر لە پۆستمۆدێنرنیستەکانی رۆژئاوا، لە بنەڕەتدا ئایینی ئیسلام، وەک ئایین، جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاینی یەهوودی و مەسیحدا نییە. ئەوەی کە وایکردووە ئیسلام ببێتە ئەو وێنە دڕندەیە، ئەوە راڤە کردنی ئەو توێژە توندڕەوەیە لە جیهانی ئیسلامیدا. بۆیە بە روانگەی ئەو رۆناکبیرە رۆژئاواییانەوە، گەر ئیسلام لە رۆڵی حوکمکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت دوور بخرێتەوە و وەک بڕوایەک خەڵکان بۆخۆیان رافتاری بکەن، ئەوکات ئیسلام نابێتە ئەو سەرچاوە ترسناکەی کە ئەمڕۆ وێنا دەکرێت. وێڕای ئەمەش، رۆناکبیرانێک کێسەی ئیسلام لە بنەڕەتدا وەک کێشەیەکی سیاسی و جڤاکی کۆمەڵگای رۆژهەڵات سەیر دەکەن. واتا ئەو تاکوو لە بونیاتەوە ئەو کۆمەڵگایە بە ئازادی و دێمۆکراتت گۆش نەکرێت، ئەوە ئەو کۆمەڵگایە ئایینی ئیسلام وەک جۆرە ئیدیۆلۆگیەک بەکاردێنێت، کە ئەویش تێرۆر و گشتگەراییە.

*4. مۆدێرنیزم ئایینی رەفز دەکردەوە و زۆر هەوڵیدا کە نەفی بکات، بەڵام نەیتوانی ئەم کارە بکات، ئایا پۆستمۆدێرنیزم توانیویەتی یان دەتوانێ: ئەو تێڕوانینەی ئەو بۆ ئایین هەیە جێبەجێ بکات؟*

**هەندرێن**: وابزانم من، وەک تۆ. بەمجۆرە سەیری روانگەی مۆدێرنیزم ناکەم سەبارەت با ئاینن. رەنگە، لەو زمانە کوردییەی کە کورد بەکاریدێنێت، کێشەیەک هەبێت لە چۆنیەتی دەربڕینی وشە و مانایەکانی. بە واتایەکی تر، رەنگە جۆرە لاملیەک هەبێت لە بەکار هێنانی وشە بۆ دەربڕین و تێگەیشتن لە بیرۆکەکان. واتا ئێمە بە لە دوو ئاراستەدا زمان تەسکدەکەینەوە و دەردەبڕین: سپی و رەش: دژ و کۆک... دەمەوێ بڵێم، کە من پێم وا نییە مۆدێرنیزم ئایین "رەفز" و "نەفی" بکاتەوە، بەڵکو هەوڵیدا ئایین کەنارگیر و گونجاو بکات و بیکات بە بڕوایەک کە مرۆڤەکان لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا رەفتاری بکەن. بۆ دڵنیاکردنەوەش دەکرێ بگەڕێنەوە، بەلای کەمییەوە. بۆ روانگەکانی دێکارت، کانت، کە بە بڕبڕەی هزری مۆدێرنیزم پێکدێنن. ئەوان هەمیشە بە زمانێکی گومان ئامێزەوە لەمەڕ ئایین و پرسیاری خوادا بیریاندەکردەوە. بە کورتی دێکارت پرسی خوا وەک "هێزێکی بزواوی بزوێنەر" پێناسە دەکات. هەروا تەنانەت دەکرێ ئەو دەربڕینە ناودارەی مارکسیش سەبارەت بە ئایین، کە "ئەفیونی خەڵکە"، وەک بەردەوامییەک لە روانگەی مۆدێرنیزم سەیر بکەین.

کەواتە من وا دەبینم کە مۆدێرنیزم هەوڵیدا ئەو رۆڵە لە ئایین بسێنێتەوە کە وەک سەرچاوە و هێزێک چاورەنووسی مرۆڤی بەدەست بێت و فەرمانڕوایی بکات. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نایەت کە مۆدێرنیزم مەبەستی لەناوبردنی ئاینن بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە هەوڵیدا کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاوەزگەرا و خاون توانا و هێز چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست نەک هێزێکی دەرەکی. هەروەک دەزانین لە پێشڕا لەسەرەتایەکانی سەدەی دوانزە و بە دواوە ئەو رێفۆرمخوازیەی ئاینن، لەلایان خودی تیۆلۆگە مەسیحییەکانەوە دەستی پێکرد و دواجاریش لە بیرۆکەی فەیلەسوفە مۆدێرنیستەکان و بزاڤە سیاسییەکانی بەرهەمی مۆدێرنیزم بە ئاکامێکی راشکاو و کردەیی گەیشت. وێڕای ئەمەش، لە روانگەی مۆدێرنیزمەوە ئاینن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگا بە پێی پێداویستەکانی وێنای دەکەن. ئەمەش لە زیاتر لە جیهانبینەیەکی ئەخلاقیدا بەرجەستە دەبێتەوە. لەو روانگەیەوە ئایین دەبێتە روانگەیەکی بە کۆمەڵی. وەک من تێبگەم، داروین لەسەر مۆدێلی بیرۆکەی "یەنتیک". واتا تێوری پێشڤەچوونی رەگەزەکاندا باس لە

چۆنیەتی خولْقاندن و مانەوەی ئایین دەکات. بەلاّم مۆدێرنیزم هەولّیدا ئەو بە پیرۆزکردن و نادیارییەی ئایین هەلّبوەشێنێتەوە و بیکات بە بابەتێکی ئەقلّی. لەوەشدا سەرکەوت. چونکە لە سەدەی 18، لەگەلْ دروستبوونی کۆمەلّگای مۆدێرن ئیتر ئاینن دەکەوێتە ژێر دەسەلاّتی ئەقلّی علمانی دەولّەوتەوە. بۆیە ئەو بزاڤە ئایینە توندڕاوانەی مەسیحی لە جوغزێکی تەنگەبەردا ماونەتەوە و ناتوانن لە دەرەوەی ئەو ئازادییانەی کە دەولّەی مۆدێرن دستنیشانی کردوون، رەفتار بکەن. بە دیوێکی تریش، ئەو پارتیە سیاسە مەسیحیانەی کە لە ولاّتانی رۆژئاوا کار لە پەرلەماندا بەشدارن، هەلّگری هەمان بنەمایە ئەخلاّقی و سیاسییەکانی مۆدێرنیزمن. کەواتە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا، هەموو دەسەلاّتێک، لە شەریفترین حیزبی ئیسلامییەوە تا دەگاتە عیلامیترین حیزب، ئیسلام دەکاتە کەرەسەی سەرکوتکردن و دەستخەرۆدان، کەچی لە رۆژئاوادا ئایینی مەسیحی گوێڕایەلّی دەسەلاّتی مۆدێرنی دەولّەتن. هەر بۆیە زیاتر لە 100 سالّە، کلّێسەکانی رۆژئاوا لە مۆزەخانەیەکی هونەری دەچن تا لە شوێنێکی ئایینی. چونکە مۆدێرنیزم وا دەبینێ کە ئایین دەتونێت بۆ کێشە و قەیرانە کۆمەلاّیەتییەکان رۆلّی باش بگێرێت، واتا گروپێک دەتوانن سوود لە دیوە باشەکانی ئەخلاق، کە ئایین لەسەر وەستاوە، بۆ دلّدانەوە و هاوکاریکردن... وەربگرن. بۆ نموونە لە زۆر دەرفەتدا، وەک لە هەردوو جەژنی رەمەزان و قوربانداا، خەلّکی کورد، کە دوور لە ئێدیلۆگی سیاسیانە بڕوایان بە ئیسلام هەبوو، یان رەنگە ئێستاش لە دێهاتەکان ئەو خەلّکە مابن، لەگەلْ یەکتر ئاشت دەبوونەوە، یان ئەو بەهانا چوونە رەمەکییەی لە کاتی لێقەومانی گرفتێکی: ئابووری و کۆمەلاّیەتیدا، کە ئەو خەلّکە موسلّمانە سادانە، ئەنجامیدەدەن، هەموو ئەمانە پێداویستی ئایینی جەغتدەکەنەوە. لەو ئەنجامگیرەیەدا دەکرێ بلّێین، لە مۆدێرنیزم توانی ئەو مافە سەرتاسەییە لە ئایین بسێنێتەوە و لە روانگەکانی خۆیەوە پێناسەیەکی ئاوەزیی و مۆدێرنانەی بۆ بکات.

بەلاّم لەمەڕ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە ئایا پۆسمۆدێرنیزم دەتوانێت ئایین نەفی و رەفز بکات. هەروەک لە وەلاّمی پرسیارێ پێشوودا من هەولّمدا بە کورتی روانگەی پۆدتمۆدێرنیزم لەمەڕ ئایین راڤە بکەم. کەواتە لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە ئایین دەبێتە شتێکی فرە رەنگ و فرە کردار، کە لەوەدا مرۆڤ بۆ پێداویستییە خودییەکانی تاکەکەسی خۆی سوودی لێوەردەگرێت، نەک لەبەر خاتری بڕوا بوون بە خوا و مەرجە ئەخلاّقییەکانی. لەو روانگە پۆستمۆدێرنیزمەوە ئایینێکی تایبەت نییە، بەلّکو چەندان ئایین دەترنجێنرێنە ناو یەکتر، بۆ ئەوەی مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤی پۆستۆمۆدێرن تێر بکەن. لێرەوە مرۆڤ وەک جاران پابەند نییە بە ئەرکێکی ئەخلاقی کە هەتا دەمرێ خۆی بۆ تاکە ئایینێک تەرخان بکات، بەلّکو مرۆڤی ئەمڕۆی پۆستمۆدێرن، وەک کەسێکی کۆچەری لەو ئایینەوە باز دەدات بۆ ئایینێکی تر. بە واتایەکی سادەتر، بۆ ئەوەی مرۆڤی پۆستمۆدێرن شەپۆلّی مەیلەکانی تاقیبکاتەوە، ئەوە رەنگە بۆ ماوەیەک وەک شتێکی  خۆش و سەرنجکێش ئاینن تاقیبکاتەوە. چونکە لە روانگەی پۆستمۆدێرنزمەوە هەموو شت تاقیکردنەوە و تامکردنە. واتا هیچ شتێک لە خاوەن بنەما و جەوهەرێکی نەگۆڕ نییە، بۆیە مرۆڤیش دەیەوێ وەک بوونەوەرێک لە مەیل و حەزی بێسنوور هەموو شت بجەربێنێت. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا ئەو دیاردانە زۆر بە بەرجستە کراوی دەبیرێن. لەوەش زیاتر، ئەمڕۆ لە کۆمەلّگای پۆستمۆدێرندا، هەرواەک لە رۆژهەلاّتیش، ئایین کراوە بە کالاّیەکی بازاڕی سەرمایەداری. ئەگەر لە رۆژئاوا شتە باشەکانی ئایینەکان وەک تێکەلاوکردنێک بە کۆمەلّێک بیرۆکە، بۆ چارەی دەروونی دەروونی لە بازاڕدا بفرۆشرێن، ئەوە لە جیهانی ئیسلامیشدا ئیسلامی سیاسی بە هەموو رەوتەکانییەوە وەک کالاّ، بەلاّم بەناوی نوێنەرایەتی راستی و ئەخلاقی ئیسلامی ئەسلّی بەکار دەهێنرێت. کەواتە سەرچاوەکانی ئەو روانگەیە بۆ دیاردەی پۆستمۆدێرنیزم دەگەڕێنەوە.

کەواتە نە مۆدێرنیزم هەولّیداوە ئایین لەناو ببا و ، نە پۆستمۆدێرنیزمیش. بە رای من پۆستمۆدێرنیزم، وەک مۆدێرنیزم، بەلاّم بە دوو شێواز و مێتودی جیاوازەوە، هەولّیدا، سەرکەوتش لەوەی، دیاردەی ئایین بکاتە رێگایەک بۆ تاقیکردنەوەی مەیل و حەزە تایبەتی و تاکەکانی مرۆڤ. وەلێ دواجاریش دەکرێ لە هەردوو روانگە، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمدا، پەرادۆکس/لێکناکۆکی هزری دەرکەوێت، کە ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، کێشەیەکە لە هزری رۆژئاوادا. بە روانگەی زۆر لە هزرڤانانی هەنووکەی رۆژئاوا، ئامادەیی ئەو پەرادۆکسەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئایینی یەهوودی_ مەسیحییەوە. ئەمەش بابەتێکی ترە، کە لێرە کات و مگێزی بە دوا چوونی ئەو سەرە دەزووانەم نییە.

*5. هەندێک دەلّێن کورد سێ چوار سەدە لە دوای ئەورووپاوەیە، لێرەدا دوو پرسیار دەکەم. یەکەم: ئایا بەڕاستی کورد بەو رادەیە دواکەوتوو و لە دەواوەیە؟*

*دووەم: ئەوکاتە: واتا سێ چوار سەدە پێش ئێستا ئەوروپا لە قۆناغی ڕیفۆرمی ئایینی دابوو، ئایا ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغی ڕیفۆرمی ئایینی؟*

**هەندرێن**: سەرەتا ڕەنگە ئەگەر بمانزانی بوایە ئەوانە کێن کە دەڵێن کورد سێ چوار سەدە لە دوی ئەوروپایە، کۆنکرێتر قسە بکەین. باشە بۆ ئەو "دواکەوتنە" زیاتر یان کەمتر نەبوو؟ بەڵام هاوکاتیش من لە تۆ حاڵیم، کە ئەوە دەنگۆییەکە لەمێژە دەیبیسین. وەڵامی بۆ ئەو "دەڵێن"ەی تۆ، جا ئەوانە هەر کەسێک بن: واتا کورد بن یان غەیرە کورد، ئەوەیە کە ئەوە کورد نییە ئەوەندە سەدە لە دوای ئەوروپاوە بێت، بەڵکو بانگەشەکارانی ئەو قسە جەڵەبییەیانەن کە ئیتر بەخۆیان بڕیاریانداوە هەر کار و کاسبی "دواوە"ی حیزب، خێڵ، کۆیلەیی ئەوروپا بکەن. ئەگەر بێت و قسەکەرانی ئەو بڕوایە عارەب، تورک و فارس بن، ئەوە ئەوانە خۆیان پاڵەوانی سەرەکی ئەو دواکەوتنەی سەرەتاپای جیهانی ئیسلامن. ئەوکات کورد ئەکتەری سەرەکی ئەو داهێزرانە نین لەو دواکەوتنەدا. بەڵام ئەگەر قسەکەرانی ئەو بانگەشەیە خودی کورد بن، ئەوە من لێرە زۆر بە ڕاشکاوی و بێ هیچ کێشەیەکی ڕق لێبوونەوە و لەم و لەو لەیەن و کەسەکان دەڵێم، ئەوە کورد نییە کە ئەوەندە سەدە لە دوای ئەوروپایە، بەڵکو ئەوە، وەک تەواوکەرێکی حیزب گەندەڵ و ساختەبازەکانی کوردی، لە پێشەوەیان، ئەو بە ناو ڕۆناکبیرە دەمڕاستانەی دەزگا بەتاڵ و چاپخانەکانی حیزبی کوردی و ئەو بە ناو پسپۆڕە فێڵبازانەی زانکۆکانی ئەمڕۆن، کە لە ئەشقی مشەخۆری و ئاوێزانبوون بە "دواوە"ی هەموو کارێکی وابەستەییدا، ڕۆڵی سەرەکی لەو شانۆی دواکەوتنەی ژیانی کوردی، ئەقڵی کوردی، داهێنانی کوردی، ئەخلاقی کوردی، ڕق لەخۆ بوونەوەی کوردی و.... هتد، دەگێڕن.

هاوکاتیش لەبەر ئەوەی ئێمە باسی ڕوانگەی پۆستمۆدێرنیزم دەکەین، ئەوە دەبێ بزانین کە لەو ڕونگەیەوە هیچ نەتەوەیەک لەوەی تر پێشکەوتوو و پاشکەوتوو نییە. کەواتە ئەگەر ئێمە هێندە لە پۆستمۆدێرنیزم تێبگەین، ئەوکات دەبێ وەک بڕوا بوون بە "جیاوازی"سەیری ئاستی تێگەیشتنی کورد بکەین و لە کۆنتێکست/ناوکۆیی کوردیشەوە کۆمەڵێ هەڵ و مەرجی تایبەت بە کورد ڕەچاو بکەین. پاشان لە پۆستمۆدێرنیزمەوە ناکرێ وەک جۆرە جەوهەرگەراییەک لە نەتەوەکان بڕوانین، چونکە هەموو مرۆڤێک و کۆمەڵگایەک لە گۆڕان دایە. بۆیە ئەوە کە شێوەی ژیان و کولتووری کۆمەڵگایەکی تر لە شێوەی ژیان و کولتورێکی جیادەکاتەوە، شتێکی لە پێشڕا بڕیاردراو نییە، بەڵکو هەڵ و مەرجی سروشت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییە... هتد. ئەوەی کە پێی وایە کورد وەک مرۆڤگەل لە هەموو مرۆڤگەلی تر ئەوەندە سەدە لە دوای ئەوروپایە، ئەوە خاوەن هۆشیارییەکی ڕق هەڵگر و داتەپیوە. ڕەنگە ئەو تەرزە ئەقڵە بەرهەمی ئەو ئەقڵە نەخۆشەیە کە ئەمڕۆ لە نەخۆشییەکی هێستریای ڕۆحیدا ڕۆناکی ژیانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی تاریک دەکات. ئەو دیاردە داهێزراوەش بەرهەمی ئەو ڕەشبگیریی و فەشەلە قووڵانەی ڕۆناکبیر، مەلا و سیاسییە "بێ" سەرانەن، کە بە ناوی نوێنەرایەتی ڕۆشنبیریی، خوتبەی درۆ و ساختە و بڕیاری نەخۆشەوە، کۆمەڵگای ئێمە فێرە درۆ و بێ ئەخلاقی دەکەن.

بەڵام شتێکی تازەمان نەگوتوە گەر باس لە ڕیفۆرمی ئەوەندە سەدەی ئەوروپا بکەین، هەرچەندە ئێوە لە پرسیاری پێشترتاندا، باسی نەتوانینی مۆدێرنیزمی ئەوروپاتان کرد لە" نەفی" کردنی ئاییندا، کەچی ئێشتا ئێمە لە ڕیفۆرم دەپەیڤین. بەهەمە حاڵ، گەر ئێمەی کورد ئەوەندە ساڵە لە دوای ئەوروپا بین، کەواتە چۆن و کەی دەگەینە ئاگایی ڕیفۆرم؟

ئەوەی من تێیگەیشم لەو سەفەرەی کە بۆ کوردستان کردم، توێژی سیاسی کوردی، نەک کورد (!) دوای سەد ساڵ لە فەشەلی ئەقلی ئیسلامی سیاسی عارەب و فارس و تورک، کەچی تازە بە حەماسەوە لاسایی ئەو ئەقڵە کۆمیدیایەی ئەوانە دەکاتەوە. لەوەش زیاتر، لە مێژووی نوێی کوردیدا، هیچ کاتێک وەک ئێستا ئایننی ئیسلام، بە مانای ئیدیۆلۆگی و شێوازی سیاسی، هێندە کاریگەریی بەدکاری نەبووە. ئەگەر لە سەدەی نۆزدە و بیستدا مەلا و پیاوە ئایینەکانی ئیسلام نوێنەرایەتی ڕۆشنبیریی و هاندانی ڕۆشنکردنەوەی مرۆڤی کوردیان بینی بێت، کەچی ئەمڕۆ ئەو مەلا و پیاوە ئایینەی، وەک دیاردەکی گشت، ڕۆڵی تاریکترین ڕەوشت و هۆشمەندی دەگێڕن. ئەوەندە بەسە کە ڕۆناکبیر و شاعیرانی وەک: مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادریی کۆیی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمود، قازی موحمەد و چەندانی ناوی دیکە، کە هەر هەموو ئەوانە لە مزگەوت و حوجرە ئایینەیەکاندا خۆیان فێری مەعریفەی ئایینی، زانستی و سیاسی کردبوو. کەچی ئەمڕۆ ڕۆناکبیری سەکۆیە ساختەکان، مامۆستایە زانستزانە دوو ڕووەکانی زانکۆ، مەلایە هۆقبازەکانی مزگەوت و ئەو سیاستکارە کوردانەی کە لە شاشە ڕەنگین و پشت میکرۆفۆنە گەورەکاندا پاڵەوانی تازەترین شێوازی ڕیفۆرم و دیمۆکراسیین، کەچی ئەوە ئەو توێژانەن، کە هاندەر و بەرپرسیارن لەو پرۆسەی روخانی

ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگای کوردی تەنیوەتەوە. ئەوەی کەمێک هێز و ئیرادەی تێدا مابێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی خۆی بە ڕاستی بۆ گەڕان بە دوای فێر بوون و روو بەڕوو بوونەوەی ڕژێمی سەددام تەرخان کرد بێت، دەزانێت کە ئەو شێواز و ئەخڵاقەی کە ئەمڕۆ وێنای دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی و سیاسی کورد دەکات، بەردەوامی و پەرە پێدانی ئەو ئەخلاق و شێواز داتەپیوەی بەعسیزمە کە لە تەواوی کەناڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستاندا کار دەکات. کەواتە ئەوە کام هێزە لە کوردستاندا کە گەیشتبێتە ڕێفۆرم لە ئایین؟ بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ لە بونیاتی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیریدا هێزێک هەیە، کە بە هەموو شێوەیەک دەمکوتی ئەو هێزە دەکاتەوە کە داوای ڕێفۆرم دەکا. ئەگەر مەلا ساختەکانی مزگەوت، ڕۆناکبیرە مشەخۆرەکانی بارەگای حیزب، ئەو ڕۆناکبیر و سیاستکارە کۆنە جاش و هەڵەپاسانەی، کە پاشماوی بەعسن، کە بە ئەزموونی بەعسیزم چەکدارن و ئەو هەموو ژمارە زۆرەی مامۆستایانی زانکۆی کورد، کە ئەوانە هەموویان تەنیا لە ڕۆڵی باوکایەتی و کوشتنی خواستە نوێیەکانی خوێندکاران پسپۆڕن، کەواتە ئێمە لە کام ڕێفۆرم بئاخڤین؟ ئەگەر ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی بەڕاستی پشتگیریی لە ڕێفۆرمی ئایینی، سیاسی، ئەخلاقی، کولتووری و ... هتد، دەکات، دەبێ سەرەتا، ڕێگە بدەن بەو گروپ و توێژە بێدەنگکراوەی کە بە خۆرسکی خۆی هەڵگری هەموو مەیلێکی نوێکردنەوەیە، کە زۆرینەی کورد پێکدێنن، کەچی خاوەن هیچ مافێکی قسە کردن و دەسەڵاتێک نییە. کاتێک ئەو هێزە نادیارە و خوێنتاڵکراوە، بە بێ هیچ مەرجێکی ئەو دەسەڵاتە باڵادەستە گشتگیرە، لە مافی هەڵبژاردنی دەسەڵات و نوێنەرایەتی ڕۆشنبیریی بەشدار بوو، ئەوکات ئێمە دەتوانین لە پرۆسەی ڕێفۆرم و موژدەی ڕوانگە نوێیەکان بپەیڤین.

بە سادەکردنەوەیەک گرینگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەگەر دەسەڵاتی کوردی ئەمڕۆ بەڕاستی هەڵگری بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردییە و دەخوازێت ئەو ئایننە ئیسلامییە بە سیاسیکراوە شێواوەی ئێستا ڕێفۆرم بکات، دەبێ لە پێشەوە، بە ئازادی و بە کردەوە بوار بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و مێتۆدیکی بەشە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆیەکانی کوردستان، وەک بەشی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، سیاسەت، قانوون، فەلسەفە (کە نییە!) و ... هتد، بڕەخسێنێت، کە دەست بکەن توێژینەوە و خوێندنەوەی قۆناغ بە قۆناغی ئەو مێژووی پاشخانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، و ئەخلاقییانەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی، بە تایبەتیش ئەزموونی سەخت و ئاڵۆزی پانزە ساڵی فەرمانڕەوایی خودی حیزبی کوردی. بۆ نموونە، ئەگەر زانکۆ خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بێت، کە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لەو ڕێفۆرخوازیی و بە مەدەنی کردنەی ئایین و کۆمەڵگای کوردی، لە پێشەوەیان پێویستە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر کایە و ئاکامەکانی بە بڕەو بوونی ئەو هەموو مزگەوت و خوتبە زۆرانەی کە لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەدا زیاترین ڕۆڵی هەبووە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. لەوانە بۆ نموونە، خوتبە و شێوازی قسەکردنی کۆمەڵێک مەلای وەک "مەلا بەشیر"، کە من پێم وایە هێندەی ئەو جۆرە مەلایە کاریگەری هەیە و هەبووە لەسەر ئەو نەوەی کورد، هیچ نووسەر، سیاسی و مامۆستایەکی زانکۆی کوردی هێندە کاریگەری نییە و نەبووە. باشە من لە ئێوە دەپرسم: بۆ بیر لەوە ناکرێتەوە، کە ئەگەر لە کوردستان بچیتە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی شار، مزگەوت و خەستەخانە، وەک ئەدرێسێکی سەرەکی لێهاتووە؟ بۆ قوتابخانە ڕۆڵێ ئەدرێس گەڕەکەکانی شار ناگێڕێت؟ ئەرێ هیچ بەشێکی زانکۆ، سەیرانگا و ... هێندەی "مزگەوتی باجەلان" لە هەولێر ڕازاوە و سەیر و سەمەرەیە؟ باشە، کێ بوو کە پایەی مزگەوەت دروستکردنی کردە بەرزترین نموونەی ئەخلاقی کورد؟ ئەوە ئەم حوکومەتە بوو یان خەلک؟! ئەی ئەو دەمڕاستە سیاسیانەی تۆ نەبوو کە دەوڵەمەندەکانییان هاندا لەجیاتی باجدان مزگەوت دروست بکەن؟ تۆ بڵێی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆناکبیرە پۆستمۆدێرنیستەکانی کوردی بیریان لەوە کردبێتەوە، کە ئەو هاڤڕکێ و کێبەرکێیە ناعادیلانەی ئەمڕۆ لەسەر تێرکردنی بەشێکی زۆری خو گونجێنەری نووسەران و سیاسییەکان، لە ڕێگای واسیتەی حیزبی و خێڵەکی، چەند کاریگەری خراپ لەسەر ئەو لاوە دەستکورت و بێ پیشانە و ئەو خەڵکەی کە هەمیشە بەشی قوربانی بووە دادەنێن؟ ئایا ئەو دیاردەیە هاندەرێکی گرینگ نییە بۆ پەنا بردن بۆ ئایین، کە ئەمەش تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ڕقەی ناخی دەرببڕێت، بەرەو تۆڵەکردنەوەی ببات؟ دەیان کێشەی ڕاشکاوی لەم تەرزانە هەن کە سەرچاوەی ئەو پرۆسەی ڕوخانی ئەخلاقیەن و ئەمانەشن ئاینن بۆ ئاستێکی درێو وەردەچەرخێنن. بۆیە کێشەی کۆمەڵگای کوردی کێشەی ئەو بونیاتە وێرانەیە کە توێژی ئایینی، ڕۆناکبیر و سیاسی کوردی پەرەی پێدەدەن. لێرەوە ڕۆناکبیری مۆستۆدێرنیست و زانکۆی بوژاوە و خاوەن پایەی تێز و سەرەنجام، کاری ئەوەیە پرۆژەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی پێشەکەشی حوکومەت و بڕیاردەرانی سیاسی بکەن و ئەوانیش بە تێگەیشتنەوە ڕەچاوی بکەن و پیادەی بکەن. واتە دەبێت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و بەڕاستیی بکرێتە کەناڵێکی گرینگ بۆ ڕاڤە کاردن و ئەنجامگیری لەسەر ئەو قەیرانە قووڵانەی کۆمەڵگای کوردی، هەروا زانکۆ ڕێنیشاندەرێکی گرینگی دەسەڵاتی سیاسی بێت، نەک مزگەوت و پسپۆڕی ئەقڵ خەوتوو و

ڕۆناکبیری هەڵەپاس. ئەو کارەش بەو وێنە کۆمیدیەی زانکۆیەکانی کوردستان ئەنجام نادرێت، چونکە، نەو ئینستۆشۆنە، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی هەڵگری ئەو پرۆژە و خاوەن ئەو توایانەن و، نە نە خودی بەڕێوەبەر و مامۆستایەکانی لە تیۆریی و بیرۆکەکانی ئەمڕۆی ئەو بوارانە پسپۆڕن. بەهەمە حاڵ، بە براوای من ، ئەگەر راستگۆیانە مەبەستمان بونیاتنان و گەشاندنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستانە ، بەمجۆرە دەتوانیین باسی ڕیفۆرمی ئایینی، کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی، فرە ڕەنگی سیاسەت و دەسەڵات بکەین.

به بڕوای من، هەڵەیەکی کوشندەیە کەسێک لەناو ئەو دەسەڵاتەی ئێستای کوردییەوە بە ناوی نوێنەرایەتی ڕیفۆرم و ڕۆشنبیرییەوە، وا تێبگات کە هۆکارەکانی توندڕەوەی ئیسلامی سیاسی و ئەو روخانە ئەخلاقییە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەندە بە دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی. ئەوەندەی من لە ئەزموون و تیورییەوە فێری بووبم، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ پانزە ساڵ لەو ئەخلاقە ساختە و وێرانەی ڕۆناکبیر و سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستان. ئەمڕۆ دوو ڕوویەک لە ڕەفتاری ڕۆناکبیر و سیاسی کورد لە گەشەسەندن دایە، کە ئاییندەیەکی مەترسیدار چاوەڕێی دەکات. مێدیای کوردی بە دێماغۆگیەک کۆمەڵگای کوردی و ڕووی سیاسی نمایشدەکا، کە لە کارەسات بترازێ، هیچیتر بەرهەمناهێنێت.

لێرەوە دەبێ سەرەتا بزانین ئەوە کێیە بە ڕیفۆرم هەڵدەستێ و کامە دیاردەش دەبێ ڕیفۆرم سازی بگرێتەوە. ئەوە کورد نییە کە دەبێ ڕیفۆرم بکرێت، بەڵکو ئەوە دەمڕاستە ڕۆناکبیر و سیاسەتکارە رق لە خۆ بووەکانیەتی کە بۆ قەرەبۆکردنەوەی خواستە کوشندەکانی خۆیان، چەند سەدە وێنای کورد بە دواکەوتوویی دەهێڵنەوە. ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێت، بەڵام مخابن لێرە بواری هەڵکۆڵینی ئەو باسە لەبار نییە.

*6. تا چەند لە تواناڵدا هەیە ڕەوتێکی وەکو (پۆستمۆدێرنیزم) بگوازرێتەوە ناو دنیای کوردی و ئەگەر گواسترایەوە تا چەند کورد دەتوانێ وەکو خۆی هەزمی بکات؟*

**هەندرێن**: زۆر بە سادەیی بڵێم، بمانەوێ و نەمانەوێ، وەک چۆن مۆدێرنیزم و مۆدێنیتە بە ئیفلیجی گوازرایەوە ناو دونیای کوردی، بەهەمان شێوەش پۆستەکەی هاتۆتە ناو دونیای کوردییەوە. من پێم وایە، بە دیاریکردن، هەر لە کۆتایی سەدەی 17ەوە تا ئەمڕۆ، ڕۆژهەڵات بە کوردیشەوە، نەک بە خۆشی خۆی، بەڵکو دوور لە خواستی خۆی، نەک هەر بە هزری ئەوروپا گەمارۆدراوە، بەلکو لە سەرتاپای ئاستەکانی ژیاندا بە مۆدێلەکانی ئەوروپا تەنراوەتەوە. بە کورتی ناخی ئێمە وابەستەی ڕۆژئاواکراوە. چونکە ڕۆژهەڵات دوای فەشەلی هزری ڕۆشنگەرانەی، کە بەناوی ئیسلامەوە هەموو کولتوورەکان، کورد، عارەب، فارس، تورک... ئامادەییان تێدا هەبوو، نەیتوانیووە هیچ بەشدارییەک لە بواری هزر و ئاستەکانی تری ژیان بکات. بۆیە نوێکردنەوە و مۆدێلە هەمەرەنگەکانی دونیای ڕۆژئاوا، بە تایبەتی دوای باڵادەستی بازاڕی سەرمایەداری، تەواوی ئەو ڕوانگە و شێوازانە ڕۆژهەڵاتی کردۆتە بازاڕێکی هەرزانی خۆی. ئەو قەیرانی فەشەلەی ڕۆژهەڵات، بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی پێکرد و بە کۆتایی هاتنی ئەو ئیمپراتۆرییە مرۆڤی موسلمانی ڕۆژهەڵات رق، ترس، گرێی دەروونی و ... بەرهەمدێنێت. بە کوردی و بە کورتی: ئێستا کە ئەو ڕوانگە پۆستمۆدێرنزمە لە بڵاوکراوە کوردیەکاندا بە هەرمێنە، بەڵام ئێمە چەند کتێبی باشمان لەو هزرڤانە پۆستمۆدێرنیزم و لەسەر دەستەواژەی پۆستمۆدێرنیزم هەیە؟ بە هەمان شێوە، کورد سەدەیەک باسی مۆدێرنیزمی کرد، کەچی، وەک پرۆژەیەکی ئێشکردن، نە ئەو سەرچاوانەی مۆدێرنیزم کرانە کوردی و نە بە شێوەیەکی راست ئەو ڕوانگە لە دونیای کوردیدا ڕەنگیدایەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر کارکردنی دەوێت و هاوکاتیش جێگەی سەرنجێکی زۆریشە. بەڵام با ئەو پرسیارە لەو نووسەرە "گەورانە"ی کوردی بکەین: بآشە، بۆ شۆڕشی پیشەسازی نەک لە دونیای کوردی، بەڵکو لە تەواوی دونیا ڕۆژهەڵاتدا ڕووی نەدا و نەگوازرایەوە؟ ئەی ئەو شۆڕشە پیشەسازییە بەشێک نەبوو لە پرۆژەکانی مۆدێرنیزم؟ لەو ڕوانگەیەوە قسە کردن لەسەر گواستنەوەی پۆستمۆدێرنیزم تووشی هەمان کێشەی مۆدێرنیزمان دەکاتەوە. هەر بۆیە ڕۆناکبیر و سیاسی و خەڵکی ئێمە بە قسە پۆستمۆدێرنیستن، بەڵام بە مێشک و ئاگایی خێلیستن (لەسەر وەزنی نیزم و نیست). لێرەوە، ئومێدەوارم وەک بێرێزی کردن ئەم دەربڕینەم فام نەکەن، کە ڕۆناکبیر و سیاستکاری ئێمە، بگرە تەواوی جیهانی ئیسلامیش، تەنیا بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی، وەک پۆستمۆدێرنیزم، دێمۆکراتی، گولوبالیزم و مۆدێرنیزم .. وەرزشکارێکی زارەکییە. وێڕای ئەمەش، لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هیچ دیاردەیەکی هزری و فەلسەفی راستەوخۆ لە زمانی کوردییەوە نەگوازراوەتەوە، بەڵکو هەر هەموو ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییانە لە ڕێگای زمانی عارەبی و

فارسییدا، ئەویش بۆ ماوەیەکی درەنگ، گوازراونەتەوە بۆ ناو دونیای کوردیەوە. جێگەی ئاماژە کردنە بە هۆی ئەو ئەقلە نەخۆشەی کە بەسەر رۆشنبیریی عارەبی و فارسییدا بالادەستە، ئەو دیاردە هزرییانە هەمیشە ئیفلیج کراون. کەواتە رۆناکبیری کوردی لە سەرچاوەیەکی ئیفلیجەوە بە ئیفلیجی قسە لە هزرێک دەکا. ئەوە مانای وانییە من دژی ئەوە بم، کە رۆشنبیریی مولکی کەسە نییە و دیاردەیەکی مرۆڤایەتیانەیە، هاوکاتیش، لە بنەڕەتدا، بڕوام وایە کە کار و کاردنەوە و بەشداریکردن هەیە لە ئاستی هزریدا. بەلام نەک بەو جۆرەی کە لە ئاستی رۆشنبیریی ئێمەدا لە ئارادایە. وەک من دابینم، ئەمڕۆ ئەو رۆناکبیرانەی ئەمڕۆ لە سەکۆی بلاوکراوە پولدارەکان بۆ دەستکەوت و پێشبڕکێ نووسین و ئەو دەستەواژە ئەوروپیانەی کردۆتە وەرزشی رۆژانەی سەر زاری، مەبەستی ئیشکردن و بە روانگە کردنی بیرۆکەی ئەو دەستەواژانە نییە لە ژیانییدا، بەلکو مەبەستی نمایشێکی رووکەشی خۆی و دەستخەڕۆدانی خوێنەرەوەیە. هاوکاتیش رۆناکبیری بالادەستی ئەمڕۆ کوردی خۆی گێل دەکا لەو سەرچاوانەی کە رۆناکبیرێکی "نەناسراو" بە پشت بەستن بە زمانێکی ئەوروپی باسی ئەو دیاردە هزریانەی بۆ دەکا، کەچی وەک شاگردێک، بۆ نموونە، کتێبەکانی بابەک ئەحمەدی فارس و هاشم سالحی عارەب دەخوێنێتەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە کە نابێ ئەوانە بخوێنێتەوە، بەلکو کێشەکە رۆحی وابەستە بوونە.

گریمان ئەگەر گواستنەوەی رەوتی پۆستمۆدێرنیزم گرینگ بوو، بەلام وەک فۆکۆ و دۆلوز لە گفتوگۆیەکەیاندا لەمەڕ "رۆناکبیران و دەسەلات" باسی دەکەن، تیۆری هەر قسە کردن نییە لە رۆژنامەکان، بەلکو دەبێت لە شوێنێک پراکتیزە بکرێت و کردەی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. لەو روانگەیەوە گواستنەوەی رەوتێکی وەک هزری پۆستمۆدێرنیزم، نەک تەنیا گواستنەوەی مۆدەکەیەتی، بەلکو گواستنەوەی تەواوی مێژووی پاشخانەکەیەتی. بەمجۆرە بەلای کەمییەوە رۆناکبیری کوردی دەتوانێت، وەک پرۆژەیەکی داڕێژراو بۆ پیادە کردنێک لە داهاتوو، لەناو زمانی کوردییدا بیخەملێنێت. هزر و تیۆری، وەک خواردنێکی نائاسایی بۆ مەعیدە، بێ هەزمکردن نەخۆشی دروستدەکا، هەروەک مۆدێرنیزم لە ئاکامدا بوو بە نەخۆشی بۆ دونیای ئیسلامی، بە هەمان شت وەک دەبینم ئەو پۆستمۆدێرنیزمە بۆتە نەخۆشیەک بۆ رۆشنبیریی کوردی. چونکە وەک مۆدە باسیدەکەین. چونکە نەمانتوانیووە بیکەین بە پرۆژەیەکی بە کۆمەلی و ئیشی قوولی بۆ بکەین، بەلکو ئەو دەستەواژەیە کراوەتە پێشبڕکێ لە بەکارهێنان و خۆ کردنە پالەوان لەسەر خوێنەرەوەی کوردیدا.

من لێرە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم، ئەو تێگەیشتنە مەیلەو ئالۆزەیە ( مەبەستم بە گشتییە) کە رۆناکبیریی کوردی لەسەر پۆستمۆدێرنیزم هەیەتی. زۆرێک لە رۆناکبیرانی کورد زیاتر باس لەو رەخنەیە دەکەن کە هزرمەندەکانی رۆژئاوا هەیانە لەسەر هزر و سیستەمی سیاسی دەسەلات و ئەو بالادەستیە مەعریفیەی کە ئەو دەسەلاتە لەسەر ئەوانیتر، یان کۆمەلگایەکانی تری غەیرە رۆژئاوا دەیسەپێنێت. ئەوەندەی من بزانم ئەو تەرزە بیرکردەوەیە بەرهەمی رۆناکبیرانی ولاتانی عارەبی و ئێرانییە، بە هۆی ئەو بانگەشە بالادەستییە رۆشنبیرییەی زمانی عارەبی و فارسییەوە، کە ئەمڕۆ زیاتر لە کاتەکانی تر، ترسناکتر بالادەستە بەسەر ئاگایی کوردییەوە، ترنجاوەتە ناو هۆشی رۆناکبیرانی کوردییەوە. وێڕای ئەمەش. ئێمە نابێ وا تێبگەین، کە هزری پۆستمۆدێرنیزم تەواو دبڕاوە لە هزری ئەو ئاوەزگەراییەی کە مۆدێرنیزمی رۆژئاوا بەرهەم هێنەریەتی، بەلکو، پۆستمۆدێرنیزم دەکرێ وەک جۆرە رۆشنگەرییەک، تازەکردنەوەیەکی پرۆژەی رۆشنگەریی تێبگەین. بە واتایەکی دیکە، پۆستمۆدێرنیزم دەخوازێت لە روانگە فرە رەهەندەکانەوە ژیان و پرسی مرۆڤی ئەمڕۆ و ئاستەنگە سیاسیی و ئابووریی و .... هتد، راڤە بکات، بەمەش پەرە بەو میراتە هزری و سیاسی و کولتووریانەی خۆی بدات. بەلام ئاخۆ ئێمە لەسەر کام میرات ئەو رەوتە بگوازینەوە ناو دونیای کوردی؟

*7. ئایا ئایین بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی کورد؟*

*ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە دەتوانین کورد لەئایین جیابکەینەوە، ئەوکاتە کورد چ گۆڕانکارییەکی بەسەر دێت؟*

**هەندرێن**: وەک لە وەلامەکانی پێشوومدا دیارن کە من چۆن لە ئایین دەڕوانم. بۆیە لێرەدا دەمەوێ بلێم ئەوە خودی ئایین نییە کە بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی کوردا، بەلکو ئەوە ئەو ئەقلە تاریکەی مەلا بالادەستەکانی مزگەوتی کوردی و حیزب و سیاسیی و رۆناکبیرانی کوردین نازانن نەزانە لە مامەلە کردن لەگەل ئاییندا. وەک وتمان، ئایین دیاردەیەکی ئەزلی نییە کە لە دەرەوەی ئەقل و ئاگایی مرۆڤی کورد بێت، بەلکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە و دەکرێت نوێبکرێتەوە و لەگەل خواستی ئەمڕۆ کۆمەلگادا باسازێنرێت.

ئەمڕۆ دەمڕاستەکانی ئایین لە کۆمەڵگای کوردییدا تاوانبارترین مرۆڤن بەرانبەر خودی پەیامە بنەڕەتییەکانی ئایینی ئیسلام. ئایین هەمیشە هێزێک بووە بۆ ئاشتبوونەوە و چارەکردنی گرێ و نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا، بەڵام ئەمڕۆ مەلا دەمڕاستە سیاسییەکانی ئایینی ئیسلام سەرچاوەی نەخۆشی و تارکیی کۆمەڵگای کوردی.

لێرەوە گەر ئەو ڕەوایەتییە لەو دەمڕاستە ئیسلامییە سیاسی و مەلا ساختەکانی کورد بسێنرێتەوە، ئەوە خودی ئاینن، لە جیاتی بڵاوکردنەوەی ڕەشەکوژیی و بەد ئەخلاقی، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ حەزە تایبەتییەکانی تاکەکەسی کوردی.

هەموومان دەزانین ئەوەندەی ئەمڕۆ مەلا لەسەر حیسابی بڕوا و پایەی ئایینی تێرکەری زگی خۆی و بەرژەندییەکانی خۆیەتی هێندە بە خەمی پەیامە باشەکانی ئایین سەرقاڵ نییە. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردییدا مزگەوت و مەلا، کراوەتە کەناڵیک بۆ مشەخۆریی و بڵاوکردنەوەی ساختەکاریی ورەشەکوژیی. بۆ نموونە شارێکی وێرانکراوی وەک هەولێر، لە ڕوانگەیەکی ئایینیەوە، لە جیاتی ئەوەی ئەو هاموو پارە بۆ مزگەوت دروستکردن مەلایەکانی سەرفکراوە و دەکرێت، بۆ ئاوەدانکردنەوە و دەستگرتنی ئەو خەڵکە هەژارە سەرفبکرێت، خێرتر نییە؟ ئەوەندەی مەلای مزگەوتمان هەیە، هێندە مامۆستای زانکۆمان نییە. ئەوەندەی مەلای نەزان کراوەتە بە دەمڕاستی ئەخلاق و ڕێنیشاندەری چارەنووسی سیاسی کورد و حیزبەکان، بە قەد چارەگی ئەوە ڕێز و پایە نادرێتە پسپۆڕی دەروونناسی، پەروەردە، پزیشکی لێهاتوو... هتد. ئاخۆ ئەو دیاردە کۆمیدییە خەتای ئایینە یان خەتای ئەو دوو حوکومەتەیە، کە بە بانگەشەی ساختەی کۆمەڵگای مەدەنی گێژی کردووین؟ ئەو دەمڕاستە حیزبیانەی کوردی و بەناو ڕۆناکبیرەکانی ئەو دەستەواژەیان سووک و ریسوا کردووە.

لە دۆخێکی وادا ئێمە چۆن باس لە جیاکردنەوەی ئایین بکەیین؟ گەر ئایین نەبێت، ئەی توێژە سیاسییە دوو ڕوو و مشەخۆرە چۆن لەو گەمە کۆمیدییە بەردەوام بن؟ لە کۆتاییدا، حەز دەکەم خۆمان فریو نەدەین کێشەی بەربەست ئایین نییە، بەڵکو ئیفلیجی ئەقڵی سیاسی و نەبوونی ئیرادەی گۆڕانە لە ئاستی ئەو دەسەڵاتە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەی کە بە یارییە سافیلکەکانی، هەم گەشە بەو ڕەوتە تاریکەی ئیسلام دەدا و، هەمیش دەیەوێ بە بانگەشە فریودەرەکانی سەرنجی خەڵک بۆ ئەو دیاردە باوەی بەناو کێشەی ئیسلامی سیاسی توندڕۆ رابکێشێت، تاکوو خۆی بێگوناح بهێڵێتەوە. ئەمەش گەمەیەکی زۆر ئاشکرایە و ناتوانێ مرۆڤی بە ئاگا دەستخەڕۆ بدات. لەو ڕوانگەیەوە سەرقاڵبوون بە خەونی جیاکردنەوەی کورد لە ئایین، بێجگە لە قووڵکردنەوەی قەیرانەکان هیچ سوودێکی تری نییە. لە بری ئەوە شتێکی لەبار و شیاوە گەر بیر لە سەرتاپای ئەو دەسەڵاتە بکەینەوە کە وەک داب و نەریتێکی کۆنی ڕۆژهەڵات، کە بۆ مەرامە ساختە و دەسەڵاتە دڕندانەکەی،، قومار بە ئایین و کۆمەڵگا دەکات.

*8.ئایا ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم هاتۆتە ناو کورد و لەناو کورد کەسانێک هەن ئێستا کار لەسەر ئەم ڕەوتە بکەن؟*
*ئەگەر هەن کێن و تا چەند توانیویانە دروست مامەڵەی لەگەڵ بکەن؟*

**هەندرێن**: ئەوەی ڕاستی بێت، من وا دەبینم کە کورد، بە تایبەتی دوای ئەو قەیرانەی ڕۆحی و ئابوورییەی کە شەڕی خۆکوژی هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی بوو، وێڕای ئەو پاشخانەی سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژێمی بەعس، وەک مرۆڤێکی تێنوو و شپرزە ، ئەمرۆ زۆر بە هەڵپە و نائاسایی، وەک چۆن ئۆتۆمۆبیل، مۆبایل تەلەفۆن و تەکنیک بە دەستەکەوت و سەرکەوتنێکی ئەبەدی خۆی دەزانێت، بەمجۆرەش ڕووی کردۆتە دەستەواژەکانی پۆستمۆدێرنیزم، کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی و چەمکە هاوئاوازەکانی. ئەوەی ڕاستیش ئەمڕۆ ئەوەندەی کورد لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لەبەر نەزانی بەکار هێنانی ئۆتۆمۆبیل دەمرن، پێشتر زۆر کات بە ماوەی چەند ساڵ پێشمەرگە لە شەڕەکاندا شەهید نەدەبوون. هەروا ئەوەندەی ئەمڕۆ خەڵک لەناو گەڕەلاوژەی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگیرێن و سووکایەتیان پێدەکرێت، لە ئاستی تاکەکەسیدا لە سەردەمی بەعس هەر هێندە سووکایەتییان پێکراوە. (من خۆم کە ئەو هاوینە دوای دەیان ساڵ دەربەدەری لە ماڵ سەردانی کوردستانم کرد، لە ماوەی ئەو مانگەی کە مامەوە هێندەی لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە مەدەنی و دێمۆکراتییەی کورد، کە 8 ساڵ پێشمەرگایەتیم بۆ کرد، بێ ئەوەی هەڵەیەکم کردبێت، هەستم بە سووکایەتی کرد، کەچی لێرە لە سوێد ئەوەندە سووکایەتیم پێنەکراوە.

من، بە گشتی، ڕەوشی هاتنی دەستەواژەی پۆستمۆدێرنیزم بۆ ناو کورد، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەهەمان شێوەی کۆمیدی و تراژیدی دەبینم. هەرچەندە لە پرسیاری تردا ئاماژەم بەو کێشەیە کردووە. بەڵام وێڕای ئەو وێنە خەمینەی کە باسیدەکەین، ڕەنگە نووسەرانێک هەبن، کە من کار و نووسینەکانیانم بەرچاو نەکەوتبێت، لە ئاستێکی زۆر باشدا کاریان لەسەر ئەو ڕەوتە کردبێت.

هاوکاتێش کێشەکە بە بوونی "کەسانێک" چارەسەر ناکرێت. وەک گوتمان ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم کەرەسەیەکی وەک مۆبایل تەلەفۆن نییە کە ڕەنگە کەسانێک هەبن بتوانن لە جێگەی خۆی سوودی لێببینن، بەڵکو ئەوە کێشەیەکی مەعریفی و ڕۆشنبیریی چارەنووس سازە. واتا ئەوە کەرەسەیەک نییە کە مرۆڤ ماوەیەک لێی تێر بوو ئیتر فەرامۆش دەکرێت، بەڵکو ئەوە ڕەوتێکە بەندە بە ئایندەی ڕۆشنبیرییەوە. ئەوە لە ئاست و بوارە جیاوەزەکان کاریگەری بەرهەمدێنێت، ئەمەش دەبێتە ڕەوتێک و ئاکامی خۆی دەبێت.

دیسان دەکرێ بڵێین ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم لە ئاستی قسە کردن و بە دەنگۆ بوون هاتۆتە ناو بەشێکی دیاری نووسەر و خوێنەرەوەی کوردییەوە. بەڵام ئەو ڕەوتە نەبۆتە ڕەوتێک لە ئاگایەکی بونیاتی، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە شێوەیەکی رووکەش و سادەوە لە ئارادایە. هەروەک گوتمان نووسەری ئێمە بە ڕۆشنبیرییەکی پۆستمۆدێرنیزم قسە دەکات و خۆی نمایشدەکات، بەڵام بە پێکهات و ئەقڵێکی خێڵ و فۆندەمێنتاڵ و ڕوانگەیەکی زاڵ ڕەفتار دەکات. لێرەوە لایەنە کۆمیدی و تراژیدییەکەی ئەو ڕەوتە پۆستمۆدێرنیزمە ئاشکرا دەبێت، هەروەک چۆن کۆمیدی و تراژیدیای حوکمەتە مەدەنیی و دیمۆکراتیەکانی کوردی بە ڕەفتارەکانیان ئاشکران. بۆ نموونە، لە تێڤی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و بگرە بێدەسەڵاتدارەکانیش، هەوڵدەدەن بە ڕێگای ئەو کلیپە سەیر و بەرنامە هونەری و سیاسیەکانەوە وێنەیەکی بەختەوەر و ئاوەڵای کۆمەڵگای کوردی بۆ بینەر نمایش بکەن، بۆ نموونە هەروەک ئەوەی کە ژن لە کوردستاندا تەواو ئازادە، کەچی تۆ لەناو شاردا تەواوی ڕۆژ ژنێکی تەنیات بەرچاو ناکەوێت کە بە ئازادی خۆی بگەڕێت. لەوە گەڕێ کە ژن کراوەتە کەرەسەیەکی سێکسی و هاوکاتیش داپۆشراو. وێڕای ئەمەس، بە جۆرێک باس لە عەدالەتی کۆمەڵاتی و گۆڕان دەکرێت هەروەک ئێستا کوردستان بەرەو شامی شەریف بەڕێوە بێت، کەچی زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگا لە دەست گیرۆدەی پرۆسەی روخاندنی ئەخلاقین لە دەست ئەو گەندەڵیی و ناعەدەڵاتیە کۆمەڵاتییەی دەسەڵات. لێرەدا دەرفەتمان نییە بۆ ئاماژە کردن بە تەواوی ئەو پەرادۆکس و ناکۆکیانەی کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی و سیاسی کورد بەرپرسیارن. لەو دیدەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو نووسەرانەی، کە وەک من دەیبینم لە پۆستمۆدێرنیزم دەدوێن و لە کەناڵە ڕۆشنبیریی و میدیاییەکانی هەردوو دەسەڵاتی کوردیدا باڵادەستن، بەڵام پرۆژەی راڤە، لێکۆڵینەوە، ڕەخنە و ئەنجامگیرییە پۆستمۆدێرنیستیەکانییان لە کوێیە؟ ئەو بەرهەمە پۆستمۆدێرنیستانە لە ئاستی زانکۆی کوردیدا خاوەنی چەند پرۆژەیە لەسەر خوێندنەوەی کۆمەڵگای کوردی؟

مەبستم لەو پرسیارانە ئەوەیە، کە ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە ڕاستی قسە لەسەر هاتنی ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم بکەین بۆ ناو کورد، دەبێت بزانین جولە و کردەکانی ئەو ڕەوتە لە کام ئاستدا ڕەنگیداوەتەوە و ئاکامەکانی چین...

دواجاریش بەڕاستی من ئێستا کەسێکی ئەوتۆم بە زەین داناێت کە لە ئاستی پرۆژەیەکی سەرنجکێشدا بە بیرۆکە و تیۆرییەکانی پۆستمۆدێرنیزم ئیشی لەسەر دیاردە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ... هتد، کردبێت و ئاکامگیرییەکی سەرسامی پێشکەش بە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردی کرد بێت. بەڵام بە دووپاتەکردنەوە دەڵێین، ئەوە مانای ئەوە نییە، کە من وەک ڕەوایەتی هەموو ڕاستییەکا بەخۆم بدەم، هەوڵ و خەمی تاکە کەسە جیاوازەکان فەرامۆشبکەم. بە دڵنیاییەوە تاکەکەسانێک هەن کە هەوڵی باشیان لە چەند نووسینی دیاریکراو داوە. بەڵام بەڕاستی ئێستا ناوی کەسی وام بە یاد نایەتەوە. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم، کە لەم بوارەدا نەبوونی پرۆژەیەکی فرەوانی بە کۆمەڵە، نەبوونی پایەی زانکۆیە، کە دەبوو لەو پرۆژانەدا ڕۆڵی سەرچاوەیەکی گرینگی هەبووایە/هەبێت.

لە کۆتاییدا، بە داوای لێبووردنەوە دەڵێم، هەر هەموو ژیانی کولتووری و سیاسی کورد، لە داستانی ژیانی ڕۆژانەی تاکێکەوە تا دەگاتە خێڵ و حوکومەت، دیمەنگەلێکە لە کۆمیدیا و تراژیدی بێ دەرهێنەر...

2005.9 /ستۆکهۆلم

* تێبینی: دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لە دوا ژمارەی گۆڤاری "کاروان" بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چونکە من گۆڤاری ناوبراوم نەبینیوە، بۆیە ئەو دەقەی کە لەبەردەستدایە، دەقە ئۆرگینالەکەی لای خۆمە، نەک "کاروان".